# شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات

قوبادی جەلی زادە

زێوان،

تا ئەو دیو دەروازەی گۆڕستان شەهید راو ئەنێ

ئەو دەڵێ شەهید

کێلەکان بە خوێن پیس دەکا

مردووەکان دەتۆقێنێ!

ئەو دەڵێ: برینی شەهید

دەریاچەی گوفەکە و

نیشتمانی مێش!!

شەهید

بە پێی پەتی

بە سەر و ریشی چڵکن و

بە لەشی ئەنجن ئەنجن و

بە کفنی کون کونەوە

بە سەر شۆستەکانا رەت دەبێ و

لەتر دەدا!

شەهید

لە راستە شەقامێکی شار دا پیاسە دەکات

تەنیا

تەنیا

تەنیا!

تەنیا خۆی و خەفەت

تەنیا خۆی و خەسارەت

شەهید

پیر بووە

پیر

پیر

پیرێك، پیرتر لە پیری

پیرێك، بێ گۆچان

بێ خەون

بێ خەڵوەتگە

ش

ە

ە

ی

د

پیاسە دەكات

منداڵێك چەپكە گوڵێكی ناداتێ

رێژنەیەك برینەكانی تەڕ ناكات

ژنێك مەمكی بۆ رووت ناكاتەوە

ش

ە

هی

د،

لە سەر تەختەی قوتابخانە دا،

فەرامۆش!!

لە مانشێتی رۆژنامە دا،

فەرامۆش!!

لە خوتبەی جومعە دا،

فەرامۆش!!!

شەهید باوەش دەکا بە دارتەلێکی ئاگرین و

دەڕوانێتە بازاری ژنان

پۆلێ مەمك لە شەققەی باڵ دەدەن

))تەنیا بۆ کەوانەی پەلاپیتکە

خودا

ئەو پەنجە باریکانەی بە من بەخشیبوو!

تەنیا بۆ گوشینی دڵی نارنجۆك،

خودا

ئەو ناولەپە زبرانەی بە من بەخشیبوو

تەنیا بۆ سوور کردنی سەنگەر و قەبر

خودا

ئەو چۆڕاوگە خوێنەی بە من بەخشیبوو((!

شەهید

سواری پاس دەبێت

دەستە چرچەکانی لە ستوونێکی تەزیو گیر دەکات و

بە پێوە دەوەستێ!

لەڕ، وەك تەنیایی
کز، وەك چاوی تاریکی
لەرزۆك، وەك ئەژنۆی بوومەلەرزە!

شە
هی
د
بە سەر کۆشی ژنێکدا
لار دەبێتەوە
شۆفیر، قاقا
سەکن، قاقا
کورسیەکان، قاقا!
شەهید، سوور هەڵدەگەڕێ
شەهید عەرەق دەکاتەوە
شەهید تەریق دەبێتەوە!

شەهید
لە گەڕەکی شەهیدانا
دائەبەزێ

تەپتەپ

تەپتەپتەپ

تە پ

ت ە

تا فرمێسکی شل دەبن

تا هاواری شل دەبن

تا برینی شل دەبن،

لە دەرگا دەدا

تەپتەپتەپ

تەپ تەپ

تە

پ

تە

ماڵ چۆڵ!

چۆڵ!

چۆڵ!

چۆڵ وەك ئاگردانێکی بێ پشکۆ

چۆڵ وەك گۆزەیەکی بێ شەراب

چۆڵ وەك مزگەوتێكی بێ خودا
جاڵجاڵووكەیەك پێی دەڵێ:
ژنەكەت شووی كردۆتەوە بە خائینێك!
كچەكەت رەدوو كەوتووە!
كوڕەكەت
لە بەردەم سینەمایەكی مەشبووها
))تۆ)) ئەفرۆشێ
تۆ كوولەكە!!

شەهید
لە ترسی هوی های منداڵی گەڕەك
لە ترسی بەردباران
لە ترسی حەیا چوون
خۆی داوێتە كەلاوەیێ
پۆستەرە رەنگینەكانی گڕ دەدا
بە هەر دوو دەست دەكێشێ بە تەوقی سەریا
بە سەر دەفتەری سەروەریدا بە كوڵ ئەگری!

شەهید

تا شەهید دەبێ

بە کفنی سوورەوە، پیاسە دەکات

کفنێك

شڵپەی دێ لە تەنیایی

شڵپەی دێ لە پەشیمانی

شڵپەی دێ لە نائومێدی!